# پیادەکردنی مافی چارەنووس لە دەوڵەتی فیدراڵ دا

Doi: 10.23918/ilic9.01

م. ی. بێوار عەبدولرەحیم نێروەیی
بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و رامیاری، زانکوی نەورۆز، دهۆك، هەرێمی کوردستان - عیًراق
bewar.mameen@nawroz.edu.krd
د. پەسار عەبدولکەریم فندی
بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و رامیاری، زانکوی نەورۆز، دهۆك، هەرێمی کوردستان - عیًراق
pesarfindi@gmail.com

# Exercising the right to self-determination in a federal state

Asst. Lect. Bewar Abdulkareem Nerwayi Dr. Pasar Abdulkareem Findi
Department of Law, College of Law and Politics, Newroz University, Duhok, Kurdistan Region – Iraq

**پوختە**

مافی چارەنووس یەکێکە لە مافە بە کومەلەکانی مروڤ کە لە یاسای نێودەولەتیدا هاتووە و لە پاش جێکردنی لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا لە بەندی دووەمی ماددەی یەکەم و ماددەی پەنجا و پێنجەم، سروشتێکی یاسایی و گشتی و پابەندی وەرگرت، لە ژێر روشنایی هەموو ئەو پێناسانەی خستمانەروو بو ئەم مافە دەتوانین بلێین کە مافی هەموو گەلێکە گوزارشت لە خواست و ویستی خوی بکات لە دەستنیشان کردنی سیستەمی سیاسی وئابوری و کومەلایەتی خوی، لەدوای کوتایی شەری سارد مافی چارەنووس چوتە قوناغێکی نوێ و دەرفەتێکی گەورە بو سەربەخویی ئەو گەلانە رەخسا کە لە ژێر حوکمی زورینە و دکتاتوریدا بوون، لە بارەی چوارچێوەی ئەم مافە ناروونیەکی ئاشکەرا هەیە کە ئایا ئەو گەل و نەتەوانە کامانەن کە دەتوانن پیادەی ئەم مافە بکەن؟ ئایا کەمینەکانی ناو ولاتێك دەتوانن پیادەی ئەم مافە بکەن و سەربەخوبن.

**وشە سەرەکیەکان:** مافی چارەنووس، دەولەتی فیدرال، هەرێمی کوردستان، دەستور، پەیمانە نێودەولەتیەکان.

**Abstract**

The right to self-determination is one of the collective rights that has been stated by international law ،as stated in the second paragraph of Article One and Article 55 ،that the right of the nation to express its will and its full desire to choose its political ،economic and cultural system. after the end of the Cold War The right of nations in self-determination entered (witnessed) a new stage in which the chances of independency for all nations that are yielded to the rule (reign) of majority and dictators are more than any other time. Still, there was a jurisprudential discussion about the scope of the rights of nations in self-determination. What is meant by nations and those nations who are concerned with the right of self-determination? Does this right apply to all minorities inside the state that intend to separate? The concern about the right to self-determination was due to its association with the issue of colonialism and occupation ،and to the attempts of nations to get rid of the racist and armed struggle. And the Kurdish nation has been regime. The nations called for their self-determination by peaceful means subjected to a colonial policy and by dividing their territory among different countries of the region ،in the Iraqi Kurdistan region ،the Kurds have the right to practice their right to self-determination as they possess the elements of a nation as mentioned by the international documents.

**Keywords:** Self-determination, Federal State, Kurdistan Regional, Constitution, International Conventionals.

**الملخص**

ان حق تقرير المصير هو احد الحقوق الجماعية التي نص عليها القانون الدولي بعد ما جاء في الفقرة الثانية من المادة الاولى و المادة الخامسة والخمسون، بانه حق الامة في التعبير عن ارادتها و رغبتها الكاملة في اختيار نظامها السياسي و الاقتصادي و الثقافي، بعد انتهاء الحرب الباردة دخل حق الشعوب في تقرير المصير مرحلة جديدة اذ اصبحت فرص الاستقلال لكافة الشعوب الراضخة لحكم الاغلبية و الدكتاتورية اوفر بكثير من اي وقت اخر، اما فيما يتعلق بنطاق حق الشعوب في تقرير المصير فقد ثار جدل فقهي حول ذلك وما هو المقصود بالشعوب و الامم المعنية بحق تقرير المصير؟ و هل يسري هذا الحق علي الاقليات داخل دولة الواحدة التي تسعى نحو الاستقلال؟و ان الاهتمام بموضوع حق تقرير المصير كان بسبب ارتباطه بمسالة الاستعمار و الاحتلال و التخلص من الانظمة العنصرية التي كانت تعاني منها الكثير من شعوب العالم و طالبت به باساليب السلمية والكفاح المسلح، وان الامة الكردية خضعت لسياسة استعمارية و ذلك من خلال تقسيم اراضيها بين دول مختلفة، و يحق للشعب الكردي في اقليم كردستان العراق ممارسة حقه في تقرير المصير لامتلاكه مقومات

الشعوب التي اشارة اليها الوثائق الدولية و لتعرضها لسياسة اظطهاد و التعريب لحكومات المتعاقبة و لا يزال هذا الظلم و القتل و التهجير و تعريب المناطق الكردية في العراق الاتحادي مستمرة.

**الكلمات مفتاحية:** حق التقرير المصير، دولة الفيدرالية، اقليم كوردستان، دستور، المعاهدات الدولية.

**١. پێشەکی**

**چەمکی مافی چارەنووس چەمکێکی کون و مێژوویی یە و لە سەرەتا دا چەمکێکی سیاسی بوو و دواتر مورکێکی یاسایی وەرگرت و لە ئێستا دا وەکو چەمکێکی یاسایی لە یاسایی نێو دەولەتی دا شوێنێکی دیاری هەیە و بویتە بنەمایەکی پابەند و گشتی و بە مافێکی سروشتی لە مافەکانی بە کومەل دادەنرێت، کە هەموو گەل و نەتەوەیەك دەتوانن داوای پیادەکردنی بکەن بە پێی مەرج و پێوەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە کلاسیکیەی کە پێی وابوو مافی چارەنووس تەنیا ئەو هەرێم و ولاتانەی ژێر سایەی سیستەمی راسپاردە و ولاتانی کولونی و هەرێمە نا ئوتونومیەکان دەگرێتەوە، و ئەو گەل و نەتەوانە ناگرێتەوە کە بەشێکن لە دەولەتە سەربەخویەکان دا.**

**٢. دەولەتی فیدرال و چەمکی مافی چارەی خونوسین**

**٢،١. پێناسەی دەولەتی فیدرال و شێوەی دروست بون و کوتاییهاتنی**

**لەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر پێناسە جوراوجورەکانی زانا و یاساناسەکان بو دەولەتی فیدرالی و چونیەتی و پالنەرەکانی دروست بون و ئەگەرەکانی کوتاییهاتنی.**

**٢.١.١. پێناسەی دەولەتی فیدرال**

**زور پێناسەی جوراو جور لە لایەن یاساناس و زاناکان بو دەولەتی فیدرال کراوە کە شێوازی نوسینیان لێك جیاوازە بەلام لە رووی ناوەروکە وە تا رادەیەکی زور لێك چوونیان هەیە، زانا (Carre De Malberg) بەم شێوەیە پێناسەی دەولەتی فیدرال کردووە (یەکگرتنی دەولەتانە، لە لایەکەوە خوی لە ولاتێکی یەکگرتوودا دەبینێتەوە بە مەش جیا دەکرێتەوە لە وەلاتێکی کونفدرالی دا، لە لایەکی ترەوە پێك دێت لە دەولەتێکی جیا جیا کە لە نیوان خویاندا گرێدراون بە گرێدانی فیدرالی، بەمەش جیا دەکرێتەوە لە ولاتانی سادە[١].**

**هەروەها د. محمد هەماوەندی پێناسەی کردووە بە وەی کە (دەولەتێکە، کیاناتی جیا جیای دەستوری لە خو دەگرێت، هەر یەکەیان سیستەمی یاسایی سەربەخو و تایبەت بە خویان هەیە، هەموویان ملکەچی دەستوری فیدرالین بە اعتیبار کەلە سەری دروستکراوە و رێکخە ری یاسایی و سیاسیەکەیەتی، ئەمە ئاماژە یە بو سیستەمێکی دستوری و سیاسی ئاوێتە)[٢].**

**لەوەی سەرەوە بومان دەردەکەوێت کە دەولەتی فیدرال بریتیە لە رێککەوتنێك لە نێوان چە ند ولات یان هەرێمێك بو دروست کردنی ولاتێکی ئاوێتە لەسە ر بنەمای گرێبەستێکی کومەلایەتی کە لە سەری رێکدەکەون و ماف و ئە رك و دەسەلاتی هەموو لایەنە کانی پێکهێنەر تێدا رێك دەخرێت.**

**٢،١،٢. شێوازی دروستبونی دەولەتی فیدرال**

**بە شێوەیەکی گشتی دەولەتە فیدرالەکان بە دوو شێوە دروست دەبن:**

**یەکەم: پێکەوەلکان**

**ئەمە باوترین شێوازی دروستبونی دەولەتی فیدرالە کە بە پێکەوەلکانی چەند دەولەتێکی سەر بەخو یان چەند هەرێمێك پێك دێت، کە تیایدا ئەم دەولەت و هەرێمانە دەست بەرداری بەشێك لە دەستهەلاتەکانی خویان دەبن بو دەولەتی ئیتیحادی لسەر بنچینەی دەستورێکی فیدرالی[٣] بەم شێوەیە دەستهەلاتی حکومەتی ئەو هەرێم و وەلاتانەی کە بەشدارن لە دروستکردنی ولاتی فیدرال زیاترن لە حکومەتی ئتیحادی چونکە ئەم هەرێم و ولاتانە تەنیا دەستبەرداری بەشێك لە دەستهەلاتەکانی خویان دەبن بو حکومەتی ئتیحادی فیدرال. لە دیارترین ئەو وولاتە فیدرالیانە بەم شێوازە دروست بون ئەمانەن (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، سویسرا، ئەلمانیا، ئوسترالیا و کەنەدا)[٤].**

**دووەم: هەلوەشانەوە**

**دروستبونی ولاتی فیدرال بەشێوازی هەلوەشانەوە بە جورێکە کە ولاتێکی گەورەی سادە لە بەر هەبونی کێشەی سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی و جیاوازی نەتەوە و زمان و داب و نەریت، لە گەل داوای سەربەخوی و ئیدارەدانی خوی بە خوی لە دەستهەلاتی ناوەندی لە لایەن پێکهێنەرەکانی، ئەو جا ولات هەلدەستێ بە گورینی شێوەی خوی لە ولاتێکی سادە و یەکگرتوو بو ولاتێکی ئاوێتەی فیدرال بە دابەشکردنی ولات بو چەند هەرێم و ویلایەتێك و پەیرەوی سیستمی فیدرالی دەکەن و لە نموونەی ئەو وەلاتانە بەم شێوەیە دروست بون (یەکێتی سوڤیەتی پێشوو، هند، مەکسیك، برازیل و عێراق)[٥].**

[١] محمد عمر مولود (دكتور)، فيدرالية امكانية تطبيقها في العراق، مؤسسة موكرياني للطباعة، اربيل ٢٠٠٥، ص ٢٣٥.

[٢] محمد هماوندى (دكتور)، الحكم الذاتي والنظم اللامركزية الادارية والسياسية، الطبعة الاولى، ١٩٩٠، ص ١٦٢.

[٣] خاموش عمر عبدالله (دکتۆر)، تیوری گشتی یاسایی دەستوری سیستەمی دەستوری لە عیراق، چاپخانەی روژ هەلات، هەولێر، ٢٠٠٩، ص٦١.

[٤] لقمان عمر حسين، مبدأ المشاركة في الدولة، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠٠٨، ص (٣٧ و ٣٨).

[٥] هكار عبدالكريم فندي، الفدرالية... مفهوماً وتطبيقاً، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٩، ص٢٢.

هەرێمی کوردستان و عێراق وەك نموونەیەکی زیندوو بو دروستبونی ولاتی فیدرال بەم شێوازە، پێشتر عیراق ولاتێکی سادە بووە، بەلام پاش پروسەی رزگارکردنی عیراق لە رژێمی صدام حسێن لە بەر هەبونی جیاوازی زور لە نیوان گەلانی عیراق دا داوای گورینی شێوەی ولات کرا لە ولاتێکی سادە بو ولاتێکی ئاوێتەی فیدرال، ئەمەش جێ بەجێکرا پاش دانانی یاسایی ئیدارەدانی دەولەتی عیراق لە سالی ٢٠٠٤ پاشان لە دەستوری هەمیشەی عیراقیش جێگیر کراوە وە عێراق بو تە ولاتێکی فیدرال و هەرێمی کوردستانیش بە پێی دستوری عێراق وەك هەرێمێك بو تە بەشێك لە ولاتی عیراقی فیدرال[١].

### ٢,٢. چەمکی مافی چارەنووس

مافی چارەنووس وەکو یەکێك لە مافە بە کومەلەکان و هەروەها مافی چارەنووس لە یاسا، پەیماننامە، و بریارەکانی نێودەولەتی بەدرێژی باسی دەکەین.

#### ١.٢.٢. پێناسەی مافی چارەنووس

تا ئێستا زانا و یاساناسەکان و رێکەوتنە نێو دەولەتیەکان لەسەر پێناسەیان بو مافی چارەنوس رێك نەکەوتون هەر یەکێکیان بەشێوەیەکی جیاواز بە پێ هزرو بیری خویان پێناسەیان بو کردووە (لینین) بەم جورە پێناسەی بو کردووە (دیاری کردنی چارەنوسی نەتەوەکان بە مانای جیابونەوەی سیاسی ئەو نەتەوانە لە گروپە نەتەوەییەکانی تر و دامەزراندنی دەولەتی نەتەوەی سەربەخوی دێت)[٢].

هەروەها (Krylow) بەم جورە پێناسەی مافی چارەنوس کردووە (مافی هەموو نەتەوەیەکە سیستەمی سیاسی و پاشەروژی خوی دیاری بکات، ئینجا ئەمە بە جیابونەوە بێ لەو ولاتەی کە بە شێکە لێی، یان پێکهێنانی ولاتەکی نوێ بێت)[٣].

لێرەدا بو مان دەردەکەوێت کە مافی چارەنووس ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەك مافی خویەتی سیستەمی سیاسی و جوری حوکمرانیان دیاری بکات و هەروەها مافی سەربەخوی پێك هێنانی کیانێکی سەربەخویان هەیە بە پێ رێسا و رێکەوتنە نێو دەولەتیەکان.

#### ٢.٢.٢. کەسەکانی (لایەنەکانی) مافی چارەنووس

پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەلگەنامە نێودەولەتیەکان بە روونی و راشکاوی باسی مافی چارەنوسیان کردووە، بەلام چونیەتی داواکردن و پیادەکردنی مافەکە دیاری نە کردووە و زانا و بسپورانی یاسایی بیروڕای جیاوازیان هەیە کە کێ مافی پیادەکردنی ئەم مافە هەیە[٤].

هەندێکیان رایان وایە کە مافی چارەنوس بە پێی بەلگەنامە نێو دەولەتیەکان تەنها هەرێم و وولاتانی ژێر ئیمپریالیزم و وەلاتانی ژێر سیستەمی راسپاردەی نێودەولەتی و هەرێمە نا ئوتومیەکان دەگرێتەوە، بەلام گەل و نەتەوە کانی ناو سنوری دەولەتانی سەربەخو و دانپێدانراو ناگرێتەوە[٥].

بەشێکی زانایان پێیان وایە پیادەکردنی مافی چارەنوس تەنیا بو دەولەتانە نەك نەتەوە و گەلان، چونکە تەنیا دەولەت کەسایەتی یاسایی نێو دەولەتیان هەیە و ئەو ماف و ئەرکانە لە ناو رێکەوتنامە نێو دەولەتیەکان و پەیمان نامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە دەکەوێتە سەر دەولەت[٦].

هەندێ بسپوری تری یاسای نێو دەولەتی پێیان وایە کە پیادەکردنی مافی چارەنوس تەنها هەرێمە ئیمپریالیزمەکان دەگرێتەوە بە مەرجێك ئەو هەرێمە چارەنوسی خوی یەکلایی نە کردبێتەوە و نە بوبێتەوە بەشێك لە دەولەتێکی سەر بەخوی خاوەن سەروەری[٧].

راستە مافی چارەنوس مافێکی گشتیە، بەلام ئەوەش بە مانای ئەوە نیە کە بەشێوەیەکی رەها هەموو گەل و نەتەوە یەك دەگرێتەوە، بەلکو چەند مەرج و پێوانەیەك دانراوە کە داوای ئەو مافە دەکەن ئەوانیش ئەوەن کە لە (راپورتی یونسکو لە سالی ١٩٨٩)[٨] داهاتووە ئەوانیش ئەمانەن:

١. دەبێت ئەو گروپە زمان یان روشنبیری یان ئاینی جیاوازیان هەبێت .
٢. دەبێت تاکەکانی ئەو گروپە هەستی مێژووی هاوبەشیان هەبێت .
٣. دەبێت تاکەکانی ئەو گروپە پابەندبن بە پاراستنی ناسنامەی خویان .
٤. دەبێت گروپەکە خاوەنی هەرێمی تایبەت بەخویان بن .

لەو روانگەیە وە هەموو ئەو گەلانەی ئەو مەرجانەیان تێدایە دەتوانن داوای پیادەکردنی مافی چارەنووس بکەن، ئەو مەرج و پێوانانەی لە سەرەوەدا هاتوە هەموویان لە گەلی کوردستانی عیراق هەن وەکو کەسێك لە کەسایەتیەکانی مافی چارەنوس بەشێوەیەك کە وەکو بەشێك لە نەتەوەی کورد

---

(١) قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية لعام ٢٠٠٤؛ دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥.

(٢) خەلیل عبدوللا، شێوەکانی بە دەستهێنانی مافی چارەنوس، دەزگای چاپ و پەخشی حەمرین، ٢٠١١، ل٩.

(٣) سامي جاد عبدالرحمن وأصل، ارهاب الدولة في اطار القانون الدولي العام، منشأة المعارف الاسكندرية، ٢٠٠٦، ص ٣٠٣.

(٤) ميثاق الأمم المتحدة، المادة ١، الفقرة ٢؛ المادة ٥٥.

(٥) خەلیل عبدوللا، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٠.

(6) McCorquodale, Robert. "Self-Determination: A Human Rights Approach." *The International and Comparative Law Quarterly*, vol. 43, no. 4, 1994, pp. 857–85. JSTOR, http://www.jstor.org/stable/761004. last visit 16 Dec. 2024.

(7) Nazila Ghanea-Hercock and Alexandra Xanthaki, Minorities, Peoples and Self-Determination: Essays in Honour of Patrick Thornberry, Martinus Nijhoff publisher, Netherland, 2005, p 175.

(8) United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO), International Experts Meeting on further of the study of the concept of the right of peoples–report and recommendations, last visit (23 Nov 2024).

زمانی تایبەتی بە خویان هەیە و جیاوازە لە هەموو نەتەوەیەکی تر و هەموویان هەست بە مێژوویەکی هاوبەش دەکەن وەکو نەتەوەی کورد کە بە تێپەربوونی چەرخە کونەکان تا ئێستا پارێزگاریان لە ناسنامەی خویان کردووە و ئێستا هەرێمێکی دیاری کراویان هەیە بە پێی هەموو نەخشە و دیفاکتوی جوگرافی، و هەروەها دەستورەکانی عیراقیش دانیان پێ ناوە.

**٣.٢.٢. شێوەکانی مافی چارەنووس**

شێوەکانی مافی چارەنووس ل سەر ئاستی ناوخویی و دەرەوە دیار دەبێت لێرە هەندێك لە گرنگترین ئەم شێوانە باس دەکەین:

یەکەم: مافی چارەنووس و دیموکراسیەت

مافی چارەنووس وەکو بنەمایەکی سەرەکی لە دیموکراسیەت سەیر دەکرێت چونکە گەل بە ویستی خوی و بەشێوەیەکی ئازادنە بریار لە سەر چارەنووسی خوی بدات لە ناو دەولەتێك دا و لە چوارچێوەی هەرێمی خوی سیستەمی سیاسی و دستوری دەست نیشان بکات(١) هەروەها لە هەندێك پەرتوکی یاسای نیو دەولەتی دا مافی چارنووس بە دیموکراسیەت وەکو گرەنتیەك بو بەشداریەکی حەقیقی دانراوە.

بسپور و فقهایە یاسایی یەکان بووچونی خویان لە بارەی مافی چارەنووس دەربریوە و توماس فرانك دەلێت (مافی دیموکراسیەت لە مافێکی مکتسبی معنەوی دەگورێت بو مافێکی پابەند (ملزم) لە یاسای نیو دەولەتی دا) ولێردە دەتوانین لە رێگای ئەم مافەوە مافی چارەنووس جێ بەجێ بکەین و ئەم مافە بو گشت نەتەوەکانە نەك تەنیا بو هەرێمەکان(٢).

دووەم: مافی چارەنووس و حوکمی زاتی

نەتەوە یەکگرتووەکان لە رێگەی پەیمانی خوی گرنگی بە هەرێمەکانی کە خاوەنی حوکمی زاتی نین یان ملکەچن بو ئیمپیریالیزمی بیانی داوە و ئەو دەولەتانە کە دەکەونە ژێر سیستەمی پێسپاردن دیاری کردوون(٣)، و ئەنجومەنی پێسپاردن پابەند کردیە بە سەرپەرشتی کردنی ئەو دەولەتانەی لە ژێری چاودێری پێسپاردن دان هەروەها مافی حوکمی زاتی یان سەربەخوی بەم هەرێمانە داوە(٤).

ئەو دەولەتانەی کە پشێلی بنەماکانی دیموکراسیەت و مافی مروڤ دەکەن زور قورسە هەرێمەکان بتوانن مافی حوکمی زاتی بە دەست بێنن و گەر لە رووی یاسایی و دەستوریشەوە بێت وەکو گەلی کورد لە کوردستانی عیراق دوای ناکوکیەکی زور توانیان حوکمی زاتی بە دەست بێنن لە ئەنجامی ئیمزاکردنی رێکەتنی ١١ ئازاری سالی ١٩٧٠ لە نێوان سەرکرادایەتی شورەشی کوردی و حکومەتی عیراق و بەپێی یاسایی حوکمی زاتی ژمارە (٣٣) لە سالی ١٩٧٤ و دستوری کاتی عیراق ١٩٧٠ بەلام ئەمە تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز بوو و لە سەر ئەرزی واقع حکومەتی عیراق کار بە دەقەکانی نەکرا.

سێیەم: مافی چارەنووسی ئابوری و کومەلایەتی و رەوشەنبیری

مەرەم لەم مافە ئەوەیە کە مافی هەموو گەلەکانە پیادەی سەروەری لە روی ئابوری و کومەلایەتی و رەوشەنبیری دور لە هەموو جورە توند و تیژیەکی ناوخوی یان دەرەکی وە کومەلگای نیو دەولەتی بە گرنگیەوە سەیری ئەم مافانە کراوە کە لە رێکەوتنی نیو دەولەتی سالی ١٩٦٦ دا هاتووە (هەموو گەلان مافی دیاری کردنی چارەنووسی خوی هەیە وە پشت بەستن لە سەر ئەم مافە سەنتەر و بارودوخی سیاسی خوی بە ئازادانە دیاری بکەن بو گەیشتن بە پێشکەتنی ئابوری و کومەلایەتی و رەوشەنبیری خویان)(٥) و هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان دوپاتی لە سەر کراوە(٦)، وە لە پاشان بە بریارێك دژوارتری کرد کە پێویستە رێز لە مافی هەموو گەلەکان بگرن بو دیاری کردنی سیستەمی ئابوری و کومەلایەتی خویان(٧).

**٤.٢.٢. سروشتی مافی چارەنووس**

زانا و یاساناسەکان بە گرنگیەوە تەماشای سروشتی مافی چارەنووسیان کردووە و هەلویستیان دابەش بووە بو دوو بووچوونی و بەم شێوەیە.

بوچوونی یەکەم: بنەمای سیاسی و ئەخلاقی

ئەم رایە دژی یاساییبوونی مافی چارەنووسە و زانایانی پشتیوانی ئەم رایە دەکەن پێیان وایە کە مافی چارەنووس هیچ بنەمایەکی یاسایی نیە و لەهەمان کات دا لایەنی پابەندبوونیش نی یە و تەنیا بنەماییێکی ئەخلاقی و سیاسیە.

---

(١) اعلان حقوق الانسان، المادة ٢؛ العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية، ١٩٦٦.

(2) Dylan O'Driscoll and Baher Baser, Independence Referendums and Nationalist Rhetoric: The Kurdistan Region of Iraq, *hird World Quarterly*, 40 (11) 2020.

(٣) ميثاق الأمم المتحدة، الفصل الحادي عشر، الفصل الثاني عشر.

(٤) ميثاق الأمم المتحدة، الفصل الحادي عشر، المادة ٧٣.

(٥) العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية، ١٩٦٦، مادة ١؛ العهد الدولي الخاص بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية، ١٩٦٦، مادة ١.

(٦) قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة رقم ٢٦٢٥ لعام ١٩٧٠، بشأن التصريح الخاص بالعلاقات الودية والتعاون بين الدول.

(٧) قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة رقم ٣٢٠١ لعام ١٩٧٤، إعلان بإقامة نظام اقتصادي دولي جديد.

هەر یەك لە Green و Geniz و Feinberg وهەندێك تریان پشتیوانی لەم بووچونە دەكەن وە Eagleton پێ وایە ئەم مافە بنەمایەكی گرانبەهایە بەلام پێویستە بو جێبەجێكردنی چاوەرێی نەتەوە یەكگرتوەكان بكەن تا وەكو ستانداردەكانی (معایير) گونجاو بو دابنێت و هەروەها خاوەنی ئەم رایە پێیان وایە كە رێساكانی تایبەت بە مافی چارەنووس شێوەی ورد و ئاشكەرای پێوە دیار نیە [1].

بوچوونی دووەم : بنەمای یاسایی

بەپێی بووچوونی زاناكان بنەمای مافی چارەنووس بنەمایەكی یاسایی یە لە بنەماكانی رێكخستنی یاسای نیو دەولەتی و ئەم رایە مافی چارەنووس هەژمار دەكرێت وەكو رێسایەك لە رێساكانی یاسایی دەولی ئەمەش لە بەر هەبوونی دەقێك لەپەیمانی نەتەوە یەكگرتووەكان دا كە دەبێتە رێسایەكی یاسایی پابەند و دەبێت هەموو ولاتێك رێزی لێ بگیرێت و سەرپێچی نەكرێت چونكە پەیمان وەكو رێكەوتنێكی جەماعی یە و ولاتان ناچار دەكات پێگیری پێی بكەن و بە پێچەوانەوە ئەوەی سەرپێچی بكات سزای یاسایی دەكەوێتە سەری[2].

زورێك لە زاناكانی یاسایی نێو دەولەتی بە پێی بوچونی خوی ئاماژەیان بە نرخی یاسایی مافی چارەنووساز كردووە و نینسیك دەلێت (گرنگی دەق لە سەر مافی چارەنووس لە پەیمانی نەتەوە یەكگرتووەكان دا ئاشكەرایە چونكە بەشێكە لە رێكەوتنی فرەلایەن كە ئارمانجی جیهان هەیە و ئەم بنەمایە بو بە ژێدەری ماف و التیزاماتی (پێگیری) یاساییە دەست نیشان كراوەكان)[3].

بەپێی ئەوەی سەرەوە باسمان كرد بومان دەردەكەوێت كە مافی چارەنووس نەك تەنیا رێسایەكی یاسایی یە بەلكو رێسایەكی یاسایی فەرمانی یە و ناكرێت رێكەوتن بو سەرپێچیكردنی بكرێت وە ئەگەر رێكەوتنیش لە سەر كرا بە هەلوەشاوە هەژمار دەكرێت.

### ٥.٢.٢. شێوەكانی بە دەستهێنانی مافی چارەنوس

بەشێوەیەكی گشتی بە دەستهێنانی مافی چارەنوس پولێن دەكرێت لەسەر دوو شێوەی جیاواز كە لە زور ولاتی فیدرال دا روویان داوە ئەوانیش بەم شێوەی خوارە:

یەكەم: شێوەی ئاشتیانە

مافی چارەنووس بەشێوەیەكی ئاشتیانە بە دوو رێگا ئەنجام دەدرێت كە ئەوانیش لە رێگای ریفراندوم لە ناو خەلك دا یان دەركردنی بریارێك لە لایەن دەستەی نوێنەرانی گەل.

#### رێگای یەكەم: گشت پرسی[4]

مەرەم لە ریفراندومی گەل ئەوەیە خەلك بە ئازادی حكومەت و سیستەمی سیاسی و پاشەروژی سیاسی خوی دیاری بكات بە رەزای خوی بێ ئەوەی هیچ هەرەشە و فشارێك هیچ لایەنێكی ناوخویی و دەرەكی لە سەر بێت[5].

هەروەها ریفراندومی گەل هەر لە كونەوە لە یاسای نیو دەولەتیەكان دا هەیە و هەر لە شورەشی فەرەنسیەوە كاری پێ دەكرێت وە یەكێك لە بنەما و شیعاراتی كە لەم شورەشە بلند كردبوو شیعاری (بەبێ ریفراندوم بەدەست ناهێنیت) (لاضم بدون استفتاء)[6] و سالی ١٧٩٠ كەرتی ایبنونا و سالی ١٧٩٢ كەرتی سافوی بەپێی ریفراندوم چوونە ناو ولاتی فەرەنسا، و هەروەها لە كاتی كومەلەی نەتەوەكان كار بە راپرسی كراوە و دواتریش نەتەوە یەكگرتووەكان بەردەوامی بە راپرسی كردووە بە گوێرەی پەیماننامەی خوی سەرەرای ئەوەی كە بەشێوەیەكی ئاشكەرا باسی چونیەتی پیادەكرنی نەكراوە بەلام زور بریار لە كومەلەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش تەئكیدیان لەسەر ریفراندوم كردوە و لەهەمان كات دا و زور راپرسی لە ژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەكگرتووەكان دا كراون و دیارترین نمونەش ریفراندومی تەیموری روژهەلاتە كە لە سالی ٢٠٠٠ لە ژێر چاودێری نەتەوە یەكگرتووەكان دا كرا كە زورینەی رەهای دەنگەكانی دەنگدەرانی گەل لە بەرژەوەندی سەربەخوی دا بوو[7].

پروسەی ریفراندوم پێویستی بە كومەلێك مەرج هەیە لە رووی یاساییەوە وەكو[8]:-

١- پێكهێنانی دەستەیەكی سەربەخوی دەنگدەران لە هەموو خەلكی رەسەنی هەرێم و بەپێی تەمەنی یاسایی دەرفەتی دەنگدان بەشوەیەكی ئازادانە هەبێت.

---

(1) سامي جاد عبدالرحمن واصل (دكتور)، المصدر السابق، ص٣١٤،٣١٥.

(2) Brooke, P., The Oxford Handbook of the Ends of Empire. Edited by Martin Thomas and Andrew S. Thompson. Oxford University Press, 2020.

(3) عبدالرحمن سليمان الزيباري (الحاكم)، المصدر السابق، ٣٦٠.

(4) ریفراندوم وەكو ووشە لە زمانی كوردی دا بە گشت پرسی و لە زمانی عەرەبی بە (استفتاء) و زمانی ئینگلیزی بە (Referendum) پێی دەگوترێت.

(5) ياسين محمد عبد الكريم الخرساني: المركز الدستوري لرئيس الدولة في الجمهورية اليمنية، دراسة مقارنة، رسالة دكتوراه، كلية القانون، جامعة بغداد، ٢٠٠٠، ص ١٠.

(6) عبدالرحمن سليمان الزيباري (الحاكم)، الوضع القانوني للاقليم كوردستان العراق في ضل قواعد القانون الدولي العام، ط١، اربيل، ٢٠٠٠، ص٣٧٠.

(7) Jakob R. Avgustin, The United Nations and Self-Determination in the Case of East Timor, E-International Relations, 27 Feb 2020. Available at : https://www.e-ir.info/2020/02/27/the-united-nations-and-self-determination-in-the-case-of-east-timor, last visit 12 Oct 2024.

(8) عوسمان علی وەیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

٢- دەبێت پروسەی هەلبژاردن کەش و هەوایەکی بێ لایەن و سەقامگیر و هێمن و رێکخستی بێت لەلایەن کومسیونی هەلبژاردن و دەنگدان بەشێوەیەکی نهێنی و دوور لە هەموو جورە فشار و هەرەشە یەك بێت.

٣- پروسەی هەلبژاردن لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری ناوخوی و نیو دەولەتی بەرێوە بچێت.

لە سەر بنەما و رێگای راپرسی گەل زورێك لە ولاتان دروست بوون بە بێ ئەوە ی پەنا بو توند و تیژی ببەن وەکو ولاتانی بلتیق (لاتفیا، استونیا، لیتوانیا) و هەروەها یەکێتی یوگسلافیا (سلوفینیا، کراوتیا، مقدونیا و بوسنە و هرسك) و دواتر جڤاکی نێو دەولەتی هەموویان بە ولاتی سەربەخو ناسێندران و چوونە ناو رێکخراوە نیو دەولەتی و هەرێمیەکان دا[١].

بەپێی ئەوەی پیشانمان دا دەردەکەوێت کە رێگای ریفراندوم بە شێوازی ئاشیانە باشترین رێگایە بو بە دەست هێنانی مافی چارەنووس کەلە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت بەلام ئەگەر نەتەوە یەکگگرتووەکان پشتیوانی لێ نەکات ئەستەمە بەپێی ئەم رێگایە ئامانجی خویان بەدی بهێنێت هەروەکو ئەوەی رویدا لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ٢٠١٧/٩/٢٥ و هەرێمی کەتەلونیا لە ئیسپانیا لە ٢٠١٧/١٠/١ کە ریفراندومیان ئەنجام دا بەلام پشتیوانی هەرێمی و نیو دەولەتی بە دەست نەهێنا و تووشی قەیران بوون.

**رێگای دووەم: دەرکردنی بریارێك لە لایەن دەستەیەکی هەلبژێردراو**

لەم رێگایەدا مافی چارەنووس بە دەست دێت بە دەرکردنی بریارەێك لە لایەن دەستەیەکی هەلبژێردراو کە نوێنەرایەتی خەلك دەکەن بە بێ ئەوەی پێویست بە گشت پرسی بکرێت وە ئەمەش رێگایەکی دیموکراتیە چونکە ئەو دەستەیەی کە ئەم بریارە دەردەکەن بە رێگایەکی دیموکراتی و بە هەلبژاردن لە ناو خەلك دا بە دەنگی یاسایی بوینەتە نوێنەری خەلك و دەتوانن بریار بە نوێنەرایەتی خەلك دەربکەن ئەوجا هەر ناوێکی لێ دابندرێت چ پەرلەمان یان ئەنجومەنی نوێنەران یان ئەنجومەنی یاسادانان[٢].

ئەو نمونانەی کە پیادەی مافی چارەنووس کردوون بەم رێگایە، بریاری پەرلەمانی سودان لە سالی ١٩٥٥ کە بە کوی دەنگ بریاری سەربەخوی لە دەستهەلاتی بریتانیا - مسر دەرکرد هەروەها بریاری جمعیەی هندی لە سالی ١٩٤٩ بە راگەیاندنی سەربەخوی هند هەروەها سەربەخوی هەر یەك لە نایجیریا و کەمبودیا و موریتانیا لە سالی ١٩٦٠ کە مافی چارەنووسی خویان لە رێگەی بریاری ئەنجومەنی نیشتیمانی هەلبژێردراوی خویان دەرکرد[٣]، گەلی کورد لە عیراق دوای ئەوەی لە ١٩٩٢/٥/١٩ لە کەش و هەوایەکی دیموکراتی دا نوێنەرانی خویان بو پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی هەلیان بژاردن دواتر لە ١٩٩٢/١٠/٤ لە رێگای پەرلەمانەوە بە کوی دەنگی نوێنەران بریاری پیادەکردنی فیدرالیەت بو هەرێمی کوردستانی عیراق دەرکرد[٤].

**دووەم: شێوەی توندوتیژی**

بە دەستهێنانی مافی چارەنووس بە شێوەی توندو تیژی یان خەباتی چەکداری بە قوناغێکی مەترسیدار و خوێناوی دادەنرێت، بەلام بە پێی بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دانی بە رەوایەتی خەباتی چەکداری ناوە بو گەیشتن بە مافی چارەنووس[٥].

بێ گومان کە دولایەنی ناو دەولەتێك بە ئاشتیانە ناگەنە لێك تێگەییشتن پەنا دەبەنە بەر جیابونەوە بەشێوەی توند و تیژی وەکو ئەوەی لە پاکستان رووی دا لە سالی ١٩٧٣، هەروەها جیابونەوەی فیسری یوگسلافیا لە سالی ١٩٩١ ئەو وەلاتە فیدرالە بە پێی دەستوری سالی ١٩٧٤ لە پاش شەرێکی قورس و سەخت هەلوەشایەوە، جیابونەوە بو زور هوکار دەگەرێتەوە وەکو هوکاری سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی و ئاینی، وەکو حکومەتی فیدرالی لە یوگسلافیا پێشیلی بنەماکانی دیموکراسیان کرد و دەسەلاتی ناوەندی تاکە پارتێك بە سەر جومگە سیاسی و ئابوریەکانی دەولەت دا زالبو[٦] .

**٣. مافی چارەنووس لە بەلگەنامە نیو دەولەتیەکان و دستوری ولاتان دا.**

**١،٣. مافی چارەنووس لە دستوری ولاتان دا**

ولاتان پابە ند بونیان بەرامبەر بە کومەلگەی نێودەولەتی و گەلانی ناوخوی هەیە کە ناچارن مافەکانی تاك و بە کومەلی مروڤ بەرچاو وەرگرن کە ئەمەش خوی لە چەسپاندنی ئەم مافانە لە دەستوری دەولەتان دا دەبینێ.

---

[١] عبدالرحمن سليمان الزيباري (الحاكم)، المصدر السابق، ص٣٦٤.

[٢] رجب عبدالمنعم متولي (دكتور)، الاستيلاء على اراضي الغير بالقوة في ضوء القانون الدولي، مطبعة العمرانية للاوفيست، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٦٧.

[٣] عبدالرحمن سليمان الزيبارى (الحاكم)، المصدر السابق، ص٣٧٣.

[4] Pasar Abdulkareem Fendi, Salawati Mat Basira, Iraqi Kurds, Persecution and struggle for Independence, *Journal of Critical Reviews*, Vol 7, Issue 17, 2020, Pp 662-674.

[٥] خەليل عبدوللا، سەرچاوەی پێشو، ل ٣٠-٣١؛ بریاری (٢٣٢) و (٢٣٥) ئەنجومەنی ئاسایش ١٦ كانونا يەكەم ١٩٦٦ و ١٩٧٨/٢/٢٩.

[٦] صلاح جبير البصيمي (دكتور)، انفصال الوحدات المكونة للدولة الفيدرالية العجلة، المجلة المحقق للعلوم القانونية والسياسية العدد الپانى، السنه الخامسة، ص٣٧٥.

### ١.١.٣. مافی چارەنووس لە دستوری چەند ولاتێك دا

زورێك لە دستوری ولاتان بەندی دستوریان بە ئاشكەرا و و راوشكاو داناوە كە رێگری دەكات لە پیادە كردنی مافی چارەنووس ئەگەر جیابونەوەی لێ بكەوێتەوە و پارێزگاری دەكات لە یەكگرتووی ولات و سەربەخویی و سەروەریەكەی[١] لە نمونەی ئەم دستورانە دستوری ویلایەتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا و مەكسیك و بەرازیل و نایجیریا و أسبانیا و هند.وە دستوری هندێ ولات بەهیچ شێوەیەك باسی پیادەكردنی مافی چارەنوسیان نە كردووە كە جیابونەوەی لێ بكەوێتەوە وەكو دستوری أستراليا و المانیا و سویسرا، هەندێ حالەتیش هەیە كە دستورە كانیان رێگەیان بە ویلایات داوە بە پیادە كردنی مافی چارەنوس تەنانەت ئەگەر جیابونەوە شی لێ بكەوێتەوە، وەكو دستوری یەكێتی سوڤیەتی پێشووی سالی ١٩٧٧ و دستوری وەلاتی أسیوبیا سالی ١٩٩٤[٢].

دستورەكانی یەكێتی سوڤیەتی سالی ١٩٢٤ و سالی ١٩٣٦ و ١٩٧٧ بنەمای مافی چارەنوس و جیابونەوە یان لە خو دەگرت، سەرەرای ئە و ماوەیە ی كە چاكسازی هاتە پیش لە ولاتانی (لیتوانیا، لاتفیا، استونیا) بو راگیاندنی سەربەخوی خویان پێش كوتاییهاتنی یەكێتی سوڤیەت و بو نە تە ولاتی خاوەن سەروەری، بەلام زوریش ئەستەم بوو لە ژێر سایەی حكومرانی یەكی ناوە ندی و یەك حزبی پیادە ی ئە م مافە بكرێت لە روی پراكتیكە وە[٣].

دەستوری ئەسیوپی سالی ١٩٩٤ بە ئاشكەرا لە ماددەی سی و نوو باسی مافی پێكهاتەكان دەكات (نە تەوە، گەلان، تائیفەكان) لە دیاركردنی چارنووس و جیابونەوە و دروستكردنی دەولەتی سەربەخو، بەلام هەندێ میكانیزمیان دانابو بو داواكردنی ئەم مافە برێك ئەستەم بو ئەویش، ئەو پێكهاتە ی داوای مافی چارەنووس (بە هەر شێوەیەك بێ) بكات پێویستە داواكاریەك پێشكێش بكات و دوو لە سەر سێ ئەندامانی ئەنجومەنی ویلایات ئیمزا بكات، حكومەتی ناوەندی پاش سێ سال لە داواكاریەكە هەلدەستێ بە سازدانی گشتپرسی لە و ویلایەتە.

ئەگەر سەیری دستوری ولاتە فیدرالەكان و یاسا سەرەكیەكانی (ویلاتەكانیان) بكەین زوربەی ئەم دستورانە بنەمای سەروەریان تەنیا لە بنەما سەرەكیە كانی حكومە تی فیدرالی دانە ناوە، بەلكو بە هی هەرێمەكانیشی داناوە وەك (دەستوری یوگسلافیای سالی ١٩٩٢)[٤] و (دەستوری ئیماراتی یكگرتوی عەربی سالا ١٩٧١) كە هاتووە ((ئیماراتی ئەندام سەروەری پیادە دەكەن لە سەر خاكیان و ئاوەكانی هەرێمی وە لە هەمو كاروباری كە تایبەتمەند نیە بە حكومە تی فیدرالی بە پیێ ئەم دستورە))[٥] و هەروەها د ستوری مەكسیكی سالا ١٩١٧ و سویسرا سالا ١٨٧٤ هەمواركراو لە سالی ١٩٩٩، ئەمە بوتە جیگای گەنگە شەی زورلە نێوان یاسا دانەرەكان و زانایانی یاسای نیودەولەتی و دستوری لە سەر سەروەری، هەندێكیان پێیان وایە كە سەروەری هەرێمەكان پارالیلە لەگەل سەروەری دەولەتی فیدرال، هەندێكی تریان پێیان وایە كە سەروەری هەرێمەكان لە ئاستی سەروەری دەولەتی فیدرال نیە چونكە فیدرالی لە كونفیدرالی جیادەكاتەوە بە وەی كە پێكهێنەرەكانی كونفیدرالی دەست بەرداری سەروەری سیاسی و نوێنەریتی خویان لە نەتەوە یەكگرتوەكان و رێكخراوە نیودەولەتیەكان نابن.

دەتوانین بلێین ئەو دستورانەی بەراشكاوی رێگری دەكەن لە پیادەكردنی مافی چارەنووس یان لە جیابونەوەی پێكهاتەیەكی ناو وەلاتی فیدرال دا كاری دادگاكانی فیدرالیان ئاسان كردیە كە لە كاتی هانا بردن بوی یەكسەر دەتوانێ بریاری نایاسای و دەستوری بونی جیابونە وە بدات وەكو ئەوەی لە ئەمریكا رویدا و پاشان دادگا ی بالا بریاری نایاسای بونی جیابونەوەی دەركرد.

### ٢.١.٣. مافی گەلی كورد بو دیاری كردنی چارەی خونوسین لە دستورەكانی عێراق دا

دوای لە ناو چوونی عوسمانیەكان و دابەشبوونی خاكەكەی بو چەندین وولات عیراقیش لە سالی ١٩٢١ دامەزرا و لەو كاتەوە تا ئێستا چەندین دستوری كاتی و هەمیشەیی بو بەرێوەبردنی ولات دانراون وە ئێمەش لەم باسە دا بو دوو قوناغ دابەشیان ئەكەین.

یەكەم: گەلی كورد لە دستورەكانی عێراق دا هەر لە دەمەزراندنەوە تا سالی ٢٠٠٣

لە دستوری سالی ١٩٢٥ لە هیچ بەندێك باسی مافەكانی گەلی كورد تێیدا ناكات چونكە ئەم دەستورە لە پێش لكاندنی ویلایەتی موسل بە عیراقەوە نوسرا بوو.

دستوری سالی ١٩٥٨ یەكەم دستور بۆ لە عێراقدا دان بە مافەكانی كوردا دابنێ و كوردیان بە هاوبەشی عەرە ب دادەنا، لێرەوە دستورەكانی عێراق سیفەتی كاتیان هەبو و عیراق نە بویە خاوەنی دەستورێكی هەمیشەی بو زیاتر لە چل سال، لەم دستورەدا بۆ یەكەمین جار بۆ بە فەرمی نەتەوەی كورد دانی پێدا بنرێت و بە هاوبەشی عەرەب هە ژماریان كرد وەك لە مادەی سێ هاتبۆ ((كورد و عەرە ب شەریكن لەم وەلاتە دا)) لێرەدا دانی بە هەبونی كورد دانراوە وەك نەتەوەیەك كە لە عیرقدا دە ژین و لە بە ندە كانی تری دستوریدا هاتبو كە ( ئەم دەستور دان بە مافەكانی كورد دادەنێت

---

[١] ئاسو كەریم، دستور، مافی چانووس و فیدرالیزم، چاپخانە خانی دهوك، چاپی یەكەم، ٢٠٠٨، ل٣٩.

[٢] صلاح جبیر البصیمی (دكتور)، المصدر السابق، ص١.

[٣] فلاح اسماعیل حاجم (دكتور)، مبدء السیادة وحق انفصال الاقالیم في الدولة الفدرالیة، مقالات في المجتمع المدنی، موسكو، ص ٣.

[٤] دستور الامارات العربیة المتحدة لسنة ١٩٧١، المادە ٧.

[٥] دستور الامارات العربیة المتحدة لسنة ١٩٧١، المادە ٣.

لە چوارچێوەی یەکێتی عێرقدا ) و لە هەندێ برگە دا باسی یەکسانی هاولاتی عیراقی دە کرد بە بێ جیاوازی رەگەز و ئاین و زمان... [1]و لە بەرامبەردا لە ماددەی دوو هاتبو کە ((عیراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب)) کە ئەمەش پێچەوانەی مادەی سێ یە کە باسی مافەکانی کورد و نەتەوەکان دەکات و وای لێکرد کە نارەزایەتی لە ناو کورددا دروست بێت چونکە کورد بەشێکە لە نشتیمانی کوردی و وەلاتی کوردستانە[2].

دستوری کاتی سالی ١٩٧٠ ئەم دستورە لە کاتێك دانرا کە سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و جێگرەکەی بە و ماددە و ئەحکامانەی دستورە کاتیەکانی پێش خویان رازی نە دەبون، و هەروەکو دستورەکانی پێش خوی، لە مادەکانی سێ یەم دا هە ردوو برگەی (أ، ب) هاتبوو (أ- سەروەری عیراق یە کە و پارچە نابێت، ب- خاکی عیراق یەکە و پارچە نابێت و نابێت دەستبە رداری لە بەشێکی خاك بکرێت) ئەم ماددانە دیار بون کە دژی خاست و ویستەکانی گەلی کورد بون کە بە پیر بەرژەوەندیەکانی خویان نەچن و رێگایان لێ بگرن و دەیانەویست کە گەلی کورد وەکو زیندانیەك بێ لە عێراقێکدا کە بە زور کراوە بەشێك لێی، ئەم دوو فەقەرەی سەرەوە زوربەی جاران ولاتان دەنوسن بو پارێزگاریکردنی ولات لە هێرشی دەرکی بە تایبەت دراوسێیەکان،

دووەم: گەلی کورد ودستوری هەمیشەیی عێراقی سالی ٢٠٠٥

گەلی کورد لە پاش ئەو هەموو چەوسانەوە ودەربەدەرکردن و کیمیاباران و کوشتارەی بەسەردا هاتووە لە پاش بەرگری و شورشەیەك لە دوای یەکەکان و سەرهەلدانی سالی ١٩٩١ . لەدستوری عێراقی دا لە ماددەی(٣)ی دستوری عێراقی سالی (٢٠٠٥) دا هاتووە ((عێراق ولاتی فرە نەتەوە و ئایین و مەزاهبە ... گەلی عەرەب تێدا بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب))[3] کەواتە لە تەك گەلی عەرەب گەلانی تریش دەژین وەکو کورد، بە مانای ئەوە لەم ماددەیە و چەندین فەقەرەی تر کە باسیان دەکەین دان بەگەلی کورد ناوە و تارادەیەك مافەکانیان لە دستوری هەمیشەیی عێراق دا هاتووە، بەلام تا چەند جێ بەجێ کران بەووردی باسیان دەکەین .

مافی گەلی کورد لە دیاری کردنی چارەنوسی خوی بەپێی دستوری هەمیشەیی عێراق لە سالی ٢٠٠٥، لەم دستورەدا هیچ بەندێکی راشکاو ئاشکەرا نیە کەدان بە مافی چارەنووسی گەلی کورد بدات و هەر وەها هیچ بەندێکیش تیانیە رێگری لەم مافە بکات بەلام ئەم دستورە دانی ناوە کە گەلی کورد جیایە لە هەمو تایبەتمەندیەکان وەکو گەل و زمان و ئاماژەی داوە کە عێراق تەنیا عەرەبی تیانیە، کەواتە گەلی کورد وەکو گەلێکی جیاواز لە گەلانی تر دەژی لەم وولاتە و پێکەوەمانی ئەم گەلانە و ژیانیان لەم عێراقە بەندە بەم دستورەوە کە لە دیباجەکەی دا هاتووە ((پابەند بوون بەم دستورە یەکێتی ئازادانە ی عێراق بەگەل وخاك و سەروەریەکەی دەپارێزێ))[4].

ماددەی یەکەم (کوماری عێراق دەولەتێکی فیدرالی یەکگرتووی سەربەخوی خاوەن سەروەریە، رژێمی حوکمرانی تێدا کوماری نوێنەرایەتی (بەرلمانی) دیموکراسیە، ئەم دستورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزیت)[5] حکومەتی عێراق ئەم ماددەیەی بەتەواوی جێ بەجێ نەکردیە، کە پێویست بوو هەلسێ بەجێ بەجێ کردنی بنەماکانی سیستەمی فیدرالی[6]، تەنانەت رێگری لە دروست کردنی هەرێمی تر کرا لە عێراق وەك هەولی پارێزگای صلاح الدین بو بە هە رێم بون بەپێی ماددە کانی (١١٧، ١١٨، ١١٩) ی دستوری هە میشە یی عێراق.

جێ بەجێ نەکردنی ماددەی (١٤٠) لە دستوری عێراق: کە کێشەیەکی زوری لەسەر خاوەنداریێتی ئە و ناوچانە یە کە لە بەینی حکومەتی عێراق وحکومەتی هەرێم ساغ نە بو نە تە وە کە خوی لە سێ قوناغ دا دەبینێ (ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری، راپرسی)[7] و ئەم خاکە لە شنگالەوە ودەشتی نەینەوا و کەرکوك وتا دەچێتە سنوری پارێزگای دیالا بە ٥١٪ خاکی کوردستان دادەنرێت کەوێرای دانانی میکانیزم وکات پاش ١٠ سال بەسەر کاتەکەوەش رویشتووە تا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە وگەورەترین کێشە یە لە نێوان هەردوو حکومەتدا و زوربەی ئالوزیەکان لەسەر ئەم ناوچانە دروست بوون.

### ٢,٣. مافی چارەنووس لە بەلگەنامە و پەیماننامە نێو دەولەتیەکان دا

مافی چارەی خونوسین لە بەلگەنامە و راگەیەندراوە نێودەولەتیەکان دا کە ئاماژە یان پێکراوە بابەتێکی زور فراوانە تەنیا ئاماژە بە گرنگترین بەلگەنامە و راگەینراوە نێو دەولەتیەکان دەکەین وبەم شێوە:

---

[1] فلاح اسماعيل حاجم (دكتور)، المصدر السابق، ص٥.

[2] مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية ١٩٥٨- ١٩٦٠ كردستان العراق، كانون الثاني ١٩٩٠، ص ١٣٩.

[3] دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥، المادة ٣.

[4] ديباجة دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥، المادة ١.

[5] دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥، المادة ١.

[6] راپورتێکی بلاوەنەکراو کە لەلایەن جەندین بسپوری یاساییە وەئامادەکراوە لە سەر پێشێلکاریەکانی حکومەتی عێراق لەسەر دستوری هەمیشەیی عێراق.

[7] دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥، المادة ١٤٠.

### ١.٢.٣. مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنوسی خویان لە بەلگە نامە نێو دەولەتیەکاندا

بە پێ پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سالی ١٩٤٥ بابەتی مافی چارەنوس هاتوتە ناو پەیماننامە نیودەولەتیەکان بە پێچەوانەی فەترەی کومەلەی نەتەوەکان (عصبە الامم) کە هیچ دەقەکی روونی تێدا نەبو بو پیادەکردنی ئەم مافە[1] لێرە دا باسی گرنگترین ئەو پە یماننامانە دەکەین کە مافی چارەی خونوسینیان لە خو گرتووە

یەکەم: مافی چارەنووس لە پە یماننامە ی نەتەوە یەکگرتووەکان دا

پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەمین بەلگەنامەی نێودە ولە تیە کە مافی چارە نووس لە خو دە گرێ کە پەیمانامەیەکی کومەلە و پابەندە بو هەموو لایەك، وەکو بناغەی یاسای دەولی بو مافی مروڤ دادەنرێت[2] لە دیباجەکەی دا هاتووە ((ئێمە وەکو گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان سوزمان داوە کە جیلەکانی داهاتوو رزگار کەین لە شەرو شور کە لە رێگای جیلێکە وە دوو جار خەم و ئازاری بە سە ر مروڤایە تیدا هێناوە کە باس کردنی ئەستەمە و دوو بارە بروامان دووپات دەکەینەوە بە مافە سەرەکیەکانی مروڤ و کەرامەتی تاك و چارەنوس بە ژن و پیاوە وە لە نەتەوەکانی گەورە و بچوك لە مافە یەکسانەکان))[3] هەروەها پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی چارەی خو نوسی لە ناو مەرەمەکانی دا دایناوە، ئەمەش لە ماددەی یەکەم دەردەکەوێت ((پەیوەندیە دوستانەی نیوان نەتەوەکان لسەر بناغەی رێزگرتنی پرەنسیپێك کە چارەسەری بەوە دەبینێ کە هەر گەلێك مافی دیاریکردنی چارەنوسی خوی هەیە)) پە یماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پرەنسیپی مافی چارەی خونوسین کردووتە بناغەیەکی سەرەکی کە پێویستە پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی گەلان لسەری دابمەزرێن کە تێیدا بیری یەکسانی گەلان لە مافەکاندا و مافیان (گەلان) لە دیاریکردنی چارەنوسیان دا دیاری کردووە[4] مافی چارەی خونوسین لە ماددەکانی سەرەوە جێگیربوە لە پە یماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا لێرەدا دیار دەبێت کە پە یماننامە دانی ناوە بە دیاریکردنی چارەنوس، و پرەنسیپی مافی چارەی خو نوسین وەکو پێشو تەنها بە پرەنسیپێکی سیاسی نەما بەلکو بویتە پرەنسیپێکی یاسایی کە بو یەکەم جار لە پەیمانامەیەکی بە کومە ل و پابەند دا هاتووە و وەلاتەکان پێوە پابەند بوون بە پێی پە یماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان[5].

دووەم: مافی چارەنووس لە پەیماننامە نێودەولەتیەکانی ١٩٦٦

مافی چارەی خو نوسین لە پە یماننامە ی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسیەکان و پەیماننامە ی تایبەت بە مافە ئابوری و کومەلایەتی و روشەنبیرەکاندا لە سالی ١٩٦٦ دا هاتووە[6] ئەم عەهدانە بە شێوەیەکی روون ئاماژەیان بە مافی چارەی خونوسین کردووە وەکو مافێك لە مافەکانی کومەل بو هەموو گەلێك، کە تێدا هاتووە: (هەموو گەلێك بوی هەیە خوی چارەنووسی خوی دیاری بکات و بە پێی ئەم مافە ئازادە لە دیاریکردنی ناوەندی سیاسی خوی هەروەها ئازادە بو هەولدانی گەشەپێدانی ئابوری و کومەلایەتی و روشنبیری) (هەموو گەلێك بوی هەیە هەول بدات بو بە دەست هێنانی مەرامە تایبەتیەکانی خوی، رەفتاری ئازاد بە سامان و سەرچاوە سروشتیەکانی خوی).

### ٢.٢.٣. مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووس لە راگەیندراوە نیو دەولەتیەکاندا :-

راگەیندراوە نیو دەولەتیەکان ئێکجار زورن کەلە نەتەوە یەکگرتووکاندا دەرچوون لێرە دا باسی ئەو راگەیندراوانە دە کەین کە پەیوەندیان بە مافی چارەنوسەوە هەیە بەم شێوەیە:-

یەکەم: مافی گەلان لە دیاری کردنی چارەنوس بە پێی چارنامەی جیهانی بو مافەکانی مروڤ ١٩٤٨

بیروکەی چارنامەی جیهانی بو مافەکانی مروڤ بو یەکەم جار لە دوای کوتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم دیاربوو، و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا وەکو رێکخراوێکی جیهانی، جارنامەی مافەکانی مروڤ لە سالی ١٩٤٨ دەرکرد، و لە کومەلەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جارنامەی جیهانی بو مافەکانی مروڤ سەبارەت بە مافی چارەی خو نوسین هاتووە ((هەموو کەس بە ئازادی لە دایك بووە و یەکسانن لە کەرامەت و مافەکاندا))[7] وە ((هەموو مروڤێك بوی هەیە دەست بگرێت بە هەموو ماف و ئازادیانەی لەم راگەیەندراوە دا هاتووە بە بێ جیاوازی ئەگەری نەژادی یان رەنگ و رەگەز و زمان و ئاین، یان بیروباوەری سیاسی یان هەر بیرو بوچونێکی تر))[8].

---

[1] محمد يوسف علوان (دكتور)، القانون الدولي العام، ط ١، الدار الروزان للطباعة عمان، ص ٢٦٠.

[2] محمد يوسف علوان (دكتور)، حقوق الانسان في ضوء القوانين وطنية والمواثيق الدولية، ط ١، مطبوعات وحدة التأليف الترجمة والنشر، الكويت، ١٩٨٩، ص ٩٨.

[3] ديباجة ميثاق الأمم المتحدة.

[4] ميثاق الأمم المتحدة، المادة 1، الفقرة ٢.

[5] عمر اسماعيل سعدالله (دكتور)، ، تقرير مصير السياسي للشعوب في القانون الدولي العام المعاصر، المؤسسة الوطنية للطباعة والنشر، الجزائر، ١٩٩٨، ص ٨٤.

[6] العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية، ١٩٦٦؛ العهد الدولي الخاص بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية، ١٩٦٦.

[7] الإعلان العالمي لحقوق الانسان ١٩٤٨، المادة ١.

[8] الإعلان العالمي لحقوق الانسان ١٩٤٨، المادة ٢.

بەلام ماددەکانی تری ناو راگەیەنداروە کە پەیوەستن بە ماف وئازادیەکان بەبێ ئەوەی رێز بەندی یان پولینی کردبن، لە لایەکی ترەوە راگەیەندراوەکە ئاماژەیەکی راستەو خو بە مافی چارەی خو نوسین نە کردووە، بەلام هەندێك وا دەبینن کە راگەیەندراوەکە مافی چارەی خونوسین پەسەند کردووە بە شێوەیەکی ناراستەو خو کاتێك تێدا هاتووە (ئیرادەی گەل سەرچاوەی دەستهەلاتی حکومەتە)[١].

دووەم: مافی گەلان لە دیاری کردنی چارەنوس لە چارنامەی پاکانەی ئیمپریالیزم لە سالی ١٩٦٠

کومەلەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جارنامەیەکی دەرکرد لە سالی ١٩٦٠ کە پەیوەندیدارە بە سەربەخوی وەلاتان و گەلانی داگیرکراو هەروەها بە پێی بریاری ژمارە (١٥١٤ لە ١٤/١٠/١٩٦٠) کە تێدا هاتووە.

((بو هەموو گەلێك هەیە بریار لە چارە نوسی خوی بدات و بە پێی ئەم مافە دەتوانێ بە ئازادی ناوەندی سیاسی خوی دیاری بکات و هەول بدات بو بە دیهێنانی گەشەی ئابوری و کومەلایەتی و روشنبیری))[٢].

بو گەرەنتی کردنی ئەم مافە و پێدانی سەربەخویی بو ولاتان و گەلانی ژێر ئیمپریالیزم، کومەلەی گشتی بە پێی ئەم بریارە داوای پابەند بونی کرد بەم جارنامە یە بە هەموو ناوەروکەکە یەوە، پابە ند بون بە م جارنامەیە بە ستە وە بە پە یماننامە ی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و تەئکیدی لە سەر ئەوە کرد کە هەر هەولێك بو راوەستان یان ئاستەنگ دروست کردن لە بەرامبەر ئەم مافە پێچەوانەی پە یماننامە ی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

سێیەم: مافی گەلان لە دیاری کردنی چارەنوس لە جارنامەی بنەماکانی یاسای نیودەولەتی پەیوەند یدار بە پەیوەندی دوستانەی نێوان ولاتان لە سالی ١٩٧٠ کومەلەی گشتی هەلسا بە دەرکردنی بریاری ژمارە (٢٦٢٥) لە بارەی راگەیاندنی بنەماکانی یاسای نێو دەولەتی پەیوەندیدار بە پەیوەندیە کانی دوستانە لە نێوان ولاتان بە پێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سالی ١٩٧٠، وئەم جارنامەیە پێك هاتبوو لە حەوت بنە ما ولە ناویان دا بنەمای یەکسانی گەلان لە مافەکان و مافیان لە دیاریکردنی چارەنووس وەکو دیار ئەم چارنامەیە مافی گەلانی لە هەلبژاردنی ناوەندی سیاسی خویان بە ئازادی لە خوە گرتووە[٣].

### ٣.٢.٣. کوت و بەندەکانی بەردەم مافی چارەنووس:-

**کوت و بەندەکانی بەردەم مافی چارەنووس**

سەرەرای ئەوەی کە مافی چارەنوس وەکو رێسایەکی یاسایی هەندێ کوت و بەند لە رێگای پیادەکردنی ئەم مافە هەن، کە ئەوانیش[٤].

١- بنەمای سەلامەتی هەرێمی : ئەم بنەمایە بە سەرەکیترین کوت دادەنرێت لە بە ردە م مافی چارەنووس دا، ئە ویش بە مانای پاراستنی ولات دێت لە هە لوەشانە وە و دابەشبون یان زیان گەیاندن بە سەروەری و سەربەخویی ولات.

٢- بنەمای پارێزگاری بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی زلهێزەکان: لە راستیدا بابەتی مافی چارەنوس و خەبات لە پێناویدا لە سەر هەلوێستی زلهێزەکان دەمینێ کە ئایا پیادەکردنی ئەم مافە لە لایەن گەلێکەوە تا چەند لە بەرژەوەندی ئەواندایە، لە بەر ئەوە ئەمە بە کوتێکی سیاسی دادەنرێت بو مافی چارەنوس، ئەم هەلوێستە لە سەر مافی چارەنوس بەندە بە دوو بابەتی سەرەکیەوە، یەکەم : سروشتی پەیوەندی دەولەت بە گەلی خاوەن مافی چارەنوس، دووەم: چەندێتی گرنگیدان و بروابونی گەل بە مافی چارەنوس.

دەتوانین بلێن زورێك لەو وەلاتان دروست بون و دامەزران و گورانکاری بەسەر نەخشە ی زور وەلات دا هات و هەندێ ولات لە روژ هەلاتی ناوەراست و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی دروست بوون کە پایەکانی دەولەت بونیان تێدا نەبوو، بەلام وەکو دابەش کارێك بوو لە نێوان زلهێزەکان بو دروستکردنی کیاناتی نوێ بو پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندیەکانیان. [٥]

### ٣,٣. گەلی کورد و مافی چارەنووسی بەپێی بەلگەنامە نێودەولەتیەکان

### ٣.٣.١. پایەکانی ناوخو:

هەندێ پایەی ناوخو هەن، وەك (رەگەزەکانی دەولەت) کە چوون لە پێناسەکەیدا ئاماژە پێکراوە کە کومەلێك کەسن چالاکیەکانیان پیادە دەکەن لەسەر هەرێمێکی دیاری کراو، وملکەچن بو رێکخستنێکی سیاسی دیاری کراو[٦] لە سەر ئەم پێناسە یە دەتوانین رەگەزەکانی دەولەت بون کە هەرێمی کوردستان هەیەتی دیاری بکەین. کە بریتین لە:

---

[١] الإعلان العالمي لحقوق الانسان ١٩٤٨، المادة ٢١.

[٢] قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة رقم ١٥١٤ لعام ١٩٧٠.

[٣] قرار الجمعية العامة للأمم المتحده رقم ٢٦٢٥، لعام ١٩٧٠.

[٤] مسعود حميد ا سماعيل، الامن القومي الكوردي وسيل حمايته جنائيا، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية القانون جامعة كوية، ٢٠٠٦، ص ٥٦، ص ٥٧ .

[5] Pasar Abdulkareem Fendi, The Right of Iraqi Kurdistan To Independence under International Law, Wizan Publishing 2024, p 114.

[٦] سالار باسیرە (دکتۆر)، شورشی دەولەت بون، بلاوکردنەوەی بابەتێك لە توری کومەلایەتی فیسبوك، ٢٠١٧ .

**یەکەم : گەل**

**(گەل پێك دێت لە کومەڵێك لە دانیشتوان کە پێکەوە دەژین و پەیوەندی و یەکگرتن لە ناویان دا هەیە)[1] بێی گوێدانە ژمارەی دانیشتوانەکەی، ژمارە دانیشتوانانی کورد لە بەینی (٦ – ٨) ملیون کەسە سەرەرای گەلی کورد گەلانی تریش لێی دەژین پێکەوە وەکو تورکمان و کلدو ئاشوری.**

**دووەم :. هەرێم**

**پیادەکردنی دەسەلات وسەروەری ئەبێ لەسەر شوێنێکی جوگرافی دیاری کراو دابێ بە بێ دیاری کردنی روبەری هەرێمەکە کە هەرێمی (خاکی، ئاویی، ئاسمانی) لەخوو دەگرێت، هەرێمی کوردستان دەستنیشان کراوە بە شێوەکی گشتی لە ماددەی ٥٣ - أ لە یاسای ئیدارەی دەولەتی (هەلوەشاوە) دان دەنێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك حکومەتی فەرمی بەسەر خاکەکانی دەکەونە سنوری (دهوك، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، دیالی ونینوی) پاشان بووتە ماددەی (١٤١/ م) کەواتە رەگەزی دووەمیش بەردەستە کە رەگەزێکی گرنگە بو بەدیهێنانی دەولەت بەپێی یاسای نێودەولەتی و دستوری[2].**

**سێیەم:. سیستەمی سیاسی یان حکومەت :.**

**سەرەرای هەبونی تاك وخاکێك یان هەرێمێك بو ژیان لەسەری، پێویستی بە دەسەلاتێکی سیاسی هەیە[3].**

**سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دەسەلاتێکی سیاسی دانراوە وحکومەتی یەکەمی کوردستان لە سالی ١٩٩٢ پێکهاتووە، لە پاش ئەنجامدانی هەلبژاردنەکانی پەرلەمان (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان) و لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دانی پێنراوە، پاش روخانی رژێمی بەعس بەوەی کە لە یاسایی ئیدارەدانی کاتی هەلوەشاو هاتبو پاشان لە دستوری هەمیشەی دا لە ماددەی ١٤١م دا. ئەم هەرێمە دامەزرا دەسەلاتەکانی خوی یاسا و ئالا و هێزی تایبەت بە خوی هەیە و لە زور رویەوە تەنیا کوردستان وەکو ناو سەر بە عێراقەوە بووە.**

**سەرەرای هەبوونی ئەم رەگەزانە وەکو پایەکانی ناوخو بو دروست بونی دەولەت لە هەرێمی کوردستان ویست و خواستی زوریش هەیە لە ناو کوردستانیان دا کە لە پاش سالی ٢٠٠٩ و لە پروژەی یاسای ئەو کاتی هەرێم دا مافی چارەنووس بە ئاشکرا و رون باسی لەسەر دەکرا و دوبارەش لە رێگەی رفراندومەوە کە دواهەمینیان رفراندومی ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٧ بوو زیاتر لە ٩٢,٧ ٪ بە بەلێ بو دروست بونی دەولەت دەربری.**

**٢.٣.٣. پایەکانی دەرەکی بو بەدیهێنانی دەولەتی کوردستان :.**

**هەندێ پایەی دەرەکی هەن کە گەلی کوردستان دەتوانێ وەربگرێ وەك:**

**یەکەم: بریارەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان پاش سالی ١٩٩٠**

**لە پاش دیاربونی بنەمای مافی چارەنووس لە پەیماننامە ی نەتەوەیەکگرتوەکان دا لە سالی ١٩٤٥ کە تأکیدی لە سەر مافی گەلان کردبوو بو بەرهەلستی ئیمپریالیزم، بەلام ئەگەر سەیری دیدگای نەتەوەیەکگرتوەکان بکەین لە پاش سالی ١٩٩٠ دەبینین گورانی بەسەردا هاتووە لە چاو سالانی پێشتر، بەوەی کە جورێك لە رێگەپێدان هەیە بو پیادەکردنی ئەم مافە[4]. وەك بریاری کومەلەی گشتی ژمارە (٩٠٤٩) لە ٢٩ / ٢ / ١٩٩٦ کە پاش روخانی یەکێتی سوفیەت و روخانی یەکێتی یوگسلافیا و دابەش بونی بەسەر جەند وەلاتێکی سەربخودا، و لە زور شوێنی تری جیهانیش وەك سەربەخویی اریتریا و تیموری روژهەلات و کوسوڤو و باشوری سودان، هەر وەها قسەی سەروکی پێشووی ئەمریکا(جورج بوشی کور) لە کوبونەوەی لوتکەی ئەوروپا لە ڤییەننا ٢١ / حوزەیران / ٢٠٠٦ کە ووتی (پێویستە مافی دروستکردنی دەولەت بدرێت بە هەموو گەلێك کە ئەم مافەی هەیە)[5].**

**دووەم: پیادەکردنی ولاتان پاش سالی ١٩٩٠ پاش سالی ١٩٩٠ بوچونی زاناکانی یاسای نێودەولەتی سەبارەت بە مافی چارەنووس لەسەر وەلاتانی سەربخو ونەبونی شێوە یەکی نیودەولەتی بو ململانێ چەکداریەکان گورانی بەسەر دا هات ئەمەش چونکە گورانکاری بەسەر رێساکانی یاسای نێودەولەتی هاوچەرخ دا هات،، ئەم بوچونانەش پالپشت بە بریاری (٢٦٥٦) ی کومەلەی گشتی هاتووە (١٩٧٠) کە دەلێ مافی هەر کومەلێك یان هەرێمێك ناو وەلاتێك کە پیادەی ئەم مافە بکات ئەگەر توشی زولم و ستەم بو، وەکو جیابوونەوەی هەرێمی کوسوڤو لە صربیا لە سالی ٢٠٠٨ هەر وەها جیابوونەوەی باشوری سودان لە سودان سالی ٢٠١١[6].**

**کە واتە بە پێی پەیماننامە نێودەولەتیەکان و راپورت و بریارەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و دستوری عێراقیش مافی کوردستانی باشورە کە پیادەی مافی چارەنووسی خوی بکات .**

---

(1) خاموش عمر عبدالله (دکتۆر)، سەراوەی پێشو، ل ٣٧.

(2) ماهر فيصل صالح (دكتور)، د. محمد دحام كردي (دكتور)، اقليم كوردستان العراق وحق تقرير المصير (دراسة قانونية سياسية)، مجلة جامعة نوروز، العدد ٤، ٢٠١٤.

(3) خاموش عمر عبدالله (دکتۆر)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

(4) ماهر فيصل صالح (دكتور)، د. محمد دهام كردی (دکتۆر)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤، ٢٥.

(5) فرست صوفي (دكتور)، حق تقرير المصير (التقلد، النطاق، الطبيعة)، مجلة جامعة نوروز، العدد ٤، ٢٠١٤، ل ٤٤.

(6) محمد دهام كردى (دكتور)، ماهر فيصل صالح (دكتور)، المصدر السابق، ص ٢٥ .

وەکو دیارمان کرد کە بە پێی هەموو پێوەرەکان کوردستان بە کەسایەتی مافی چارەنووس دادەنرێ، مافی چارەنووس لە بنەماکانی فە رمانی یە لە یاسای نێودەولەتیدا، و لەمافەکانی جێگری مروڤە بویە لە هەردوو حالەت دا ئەم مافە گشتی یە بو هەموو گەل و نەتەوە و کومەلێکە بە پێی بریاری (٢٦٥٦) ی کومەلەی گشتی کە لە سالی ١٩٧٠ دەرچووە، گەلی کورد توشی ستەم و پەراوێز و کوشتن و دەربەدەرکردن هاتووە لەسەر دەستی حکومەتی ئێستایی فیدرالی بە مافەکانی سیاسی، ئابوری و کومەلایەتی خوی نەگەیشتووە بویە پالپشت بەم بریارە مافی پیادەکردنی هەیە[1].

بە پێی راپورتی کریتیسکو (Critisco Report) یش گەلی کورد زمان و فەرهەنگی جیای هەیە لە گەلانی ناوچەکە و هەست کردن بە مێژووی هاوبەش هەیە لە ناو رولەکانی کورد دا و هەمویان خویان پاند دەبینن بو پاراستنی ناسنامەی کوردایەتی خویان و هەرێمێکی تایبەتیش بە خویان هەیە کە واتە پالپشت بەم راپورتەش کە نەتە وە یەکگرتوەکان دەرکردووە لە سالی ١٩٨١ گەلی کوردستان دەتوانێ بریار لە مافی چارەنووسی خوی بدات[2]. هەر وەها لە روی دیموکراسیەوە گەلی کورد لە باشوری کوردستان قوناغی باشی بریوە بە ئەنجامدانی هەلبژاردن و بوونی فرەحزبی و ئازادیە گشتی یەکان بوویە گەلی کورد مافی پیادەکردنی هەیە .

٤. کوتایی

لە کوتایی دا گەیشتینە ئەم ئەنجام و راسپاردانەی خوارەوە

**٤,١. ئەنجامەکان**

١- مافی چارەنووس بە مانای مافی گەلان لە دەست نیشانکردنی ئازادانەی کیان و سیستەمی سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی دێت.

٢- بنەمای مافی گەلان لە دیاریکردنی مافی چارەنووس هەموو گەلان دەگرێتەوە نەك تەنیا گەل و هەرێمەکانی ژێر ئیمپیریالیزم.

٣- لە پاش کوتایی هاتنی شەری سارد ئەم مافە چووتە قوناغێکی نوێوە بەوەی دەرفەتی سەربەخوی زیاتر رەخسا بو هەموو گەل و کەمینە کانی ژێر حوکمی زورینە و دکتاتوری لە ناو ولاتان دا بو پیادەکردنی ئەم مافە زیاتر لە هەر کاتێکی پێشتر.

٤- لە بارەی سروشتی ئەم مافە، مافی چارەنووس چوارچێوەیەکی یاسایی وەرگرت و بویتە یەکێك لە رێسایە سەرەکیەکانی فەرمانی (امرە) لە یاسای نیو دەولەتی گشتی دا.

٥- لە رووی نیو دەولەتیشەوە مافی چارەنووس بەندە بە هاوکێشە سیاسیەکان و بەرژەوەندی ولاتە زلهێزەکان لە راڤەکردنی ئەم مافە بو گەلان.

٦- هیچ بەند و ماددەیەك لە ناو دستوری عیراقی فیدرال بە راشکاوانە باسی مافی چارەنووس نەکردووە بەلام لە دیباجەی دستوری عیراق دا پابەندبوون بەم دستورە وەکو گرەنتیەك بو یەك پارچەیی خاکی عیراق داناوە، بەمانا پێچەوانەکەی لە کاتی جێ بەجێ نەکردنی ئەم دستورە دا گەلی کورد مافی پیادەکردنی بنەمای مافی چارەنووس هەیە.

٧- دستور لە دەولەتی فیدرال دا وەکو گرێبەستێکی کومەلایەتیە لە نێوان پێکهاتەکانی دەولەتی فیدرال دا لە کاتی جێ بەجێ نەکردنی ئەم گرێبەستە لە لایەن لایەنێکەوە، بو لایەنی تر هەیە کوتایی بەم گرێبەستە بهێنێ و بریار لە چارەنووسی خوی بدات.

٨- حکومەتی ناوەندی عیراق ماددەکانی دستوری عیراق وەك خوی جێ نەکردووە بەلکو تەنیا ئەو ماددانەی کەلە بەرژوەندی پێکەهاتەیەك دان جێ بەجێکردووە و ئەمەش دژی پرەنسیپی دستوری یە کە دەبێت هەموو مادەکانی دستور جێ بەجێ بکرێت.

**٤,٢. راسپاردە**

١- پێویستە نەتەوە یەکگگرتووەکان بە بریارێك چەمکی مافی چارەنووس و چونیەتی پیادە کردنی و لایەنەکانی ئەم مافەیان هەیە روون بکاتەوە، کە بە شێوەیەك هیچ ناروونیەك تێدا نەمێنێت.

٢- دەستەیەك دابمەزرێت لە سەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان کە سەرپەرشتی و هەلسەنگاندنی لایەنەکانی ئەم مافە بکات بو ئەوەی ئەو گەلانەی داوای پیادەکرنی ئەم مافە دەکەن رەوایەتی نێو دەولەتی پێیان بدرێت.

٣- رێککەوتنی پێکهێنەرەکانی عێرا ق بە سیستەمی کونفیدرالی و مافی جیابونەوە بە پێکهاتەکان بدرێت.

**لیستی سەرچاوەکان**


**ئێك: ب زمانێ کوردی**

**ا- پەرتووك**

١. خاموش عمر عبدالله (دکتۆر)، تیوری گشتی یاسایی دەستوری سیستەمی دەستوری لە عیراق، چاپخانەی روژ هەلات، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢. خەلیل عبدوللا، شێوەکانی بە دەستهێنانی مافی چارەنوس، دەزگای چاپ و پەخشی حەمرین، ٢٠١١.

٣. ئاسو کەریم، دستور، مافی چانووس و فیدرالیزم، چاپخانە خانی دهوك، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.


[1] قرار الجمعية العامة للأمم المتحده رقم ٢٦٥٦، لعام ١٩٧٠.

[2] راپورتی کریتیسکو (Critisco Report).

**ب - ووتار**

١. سالار باسيره (دكتۆر)، شورشى دەولەت بون، بلاوكردنەوەى بابەتێك لە تورى كومەلايەتى فيسبوك، ٢٠١٧ .

**ت- راپۆرت**

١. راپورتى كريتيسكو (Critisco Report)

٢. راپورتێكى بلاوەنەكراو كە لەلايەن جەندين بسپورى ياساييە وەئامادەكراوە لە سەر پێشێلكاريەكانى حكومەتى عێراق لەسەر دستورى هەميشەيى عێراق.

**دوو: باللغة العربية**

**ا- الكتب**

١. رجب عبدالمنعم متولي (دكتور)، الاستيلاء على اراضي الغير بالقوة في ضوء القانون الدولي، مطبعة العمرانية للاوفيست، القاهره، ١٩٩٩.

٢. سامي جاد عبدالرحمن وأصل، ارهاب الدولة في اطار القانون الدولي العام، منشأ ة المعارف الاسكندرية، ٢٠٠٦.

٣. عبدالرحمن سليمان الزيباري (الحاكم)، الوضع القانوني للاقليم كوردستان العراق في ضل قواعد القانون الدولي العام، ط١، اربيل، ٢٠٠٠.

٤. عمر اسماعيل سعدالله (دكتور)، تقرير مصير السياسي للشعوب في القانون الدولي العام المعاصر، المؤسسة الوطنية للطباعة والنشر، الجزائر، ١٩٩٨.

٥. فلاح اسماعيل حاجم (دكتور)، مبدء السيادة وحق انفصال الاقاليم في الدولة الفدرالية، مقالات في المجتمع المدنى، موسكو. بدون سنة الطبع.

٦. لقمان عمر حسين، مبدأ المشاركة في الدولة، الطبعة الاولى، اربيل، ٢٠٠٨.

٧. محمد عمر مولود (دكتور)، فيدرالية امكانية تطبيقها في العراق، مؤسسة موكرياني للطباعة، اربيل ٢٠٠٥.

٨. محمد هماوندى (دكتور)، الحكم الذاتي والنظم اللامركزية الادارية والسياسية، الطبعة الاولى، ١٩٩٠.

٩. محمد يوسف علوان (دكتور)، القانون الدولى العام، ط ١، الدار الروزان للطباعة عمان. بدون سنة الطبع.

١٠. محمد يوسف علوان (دكتور)، حقوق الانسان في ضوء القوانين وطنية والمواثيق الدولية، ط ١، مطبوعات وحدة التأليف الترجمة والنشر، الكويت، ١٩٨٩.

١١. مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية ١٩٥٨- ١٩٦٠ كردستان العراق، كانون الثاني ١٩٩٠.

١٢. هكار عبدالكريم فندي، الفدرالية... مفهوماً وتطبيقاً، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٩.

١٣. ياسين محمد عبد الكريم الخرساني : المركز الدستوري لرئيس الدولة في الجمهورية اليمنية، دراسة مقارنة، رسالة دكتوراه، كلية القانون، جامعة بغداد، ٢٠٠٠.

**ب- بحوث**

١. صلاح جبير البصيمي (دكتور)، انفصال الوحدات المكونة للدولة الفيدرالية العجلة، المجلة المحقق للعلوم القانونية والسياسية العدد الثاني، السنة الخامسة.

٢. فرست صوفي (دكتور)، ، حق تقرير المصير (التقلد، النطاق، الطبيعة)، مجلة جامعة دهوك، العدد ٤، ٢٠١٤.

٣. ماهر فيصل صالح (دكتور)، د. محمد دحام كردي (دكتور)، اقليم كوردستان العراق وحق تقرير المصير (دراسة قانونية سياسية)، مجلة جامعة نوروز، العدد ٤، ٢٠١٤ .

**ج - مقالات**

١. سليمان اسماعيل، حق التقرير المصير في القانون الدولى الانساني، مقال منشور http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=353837، اخر زيارة ١ كانون الأول ٢٠١٧

**هـ- رسائل و اطاريح**

١. مسعود حميد ا سماعيل، الامن القومي الكوردي وسيل حمايته جنائيا، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية القانون جامعة كوية، ٢٠٠٦.

**و- دساتير**

١. دستور الامارات العربية المتحدة لسنة ١٩٧١

٢. دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥

٣. قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية لعام ٢٠٠٤

٤. ميثاق الأمم المتحدة

ز- مواثيق ومعاهدات دولية

١. الإعلان العالمي لحقوق الانسان ١٩٤٨.

٢. العهد الدولي الخاص بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية، ١٩٦٦.

٣. العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية، ١٩٦٦.

٤. ميثاق الأمم المتحدة

ح- قرارات دولية

١. قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة رقم ١٥١٤ لعام ١٩٧٠.

٢. قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة رقم ٢٦٢٥، لعام ١٩٧٠.

٣. قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة رقم ٢٦٥٦، لعام ١٩٧٠.

٤. قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة رقم ٣٢٠١ لعام ١٩٧٤.

سێ: ب زمانێ ئنگليزى

**Books:**

1. Brooke, P., The Oxford Handbook of the Ends of Empire. Edited by Martin Thomas and Andrew S. Thompson. Oxford University Press, 2020.
2. Nazila Ghanea-Hercock and Alexandra Xanthaki, Minorities, Peoples and Self-Determination: Essays in Honour of Patrick Thornberry, Martinus Nijhoff publisher, Netherland, 2005.
3. Pasar Abdulkareem Fendi, The Right of Iraqi Kurdistan to Independence under International Law, Wizan Publishing 2024.

**Articles:**

1. Dylan O'Driscoll and Baher Baser, Independence Referendums and Nationalist Rhetoric: The Kurdistan Region of Iraq, *hird World Quarterly*, 40 (11) 2020.
2. Jakob R. Avgustin, The United Nations and Self-Determination in the Case of East Timor, E-International Relations, 27 Feb 2020. Available at : https://www.e-ir.info/2020/02/27/the-united-nations-and-self-determination-in-the-case-of-east-timor, last visit 12 Oct 2024.
3. McCorquodale, Robert. "Self-Determination: A Human Rights Approach." *The International and Comparative Law Quarterly*, vol. 43, no. 4, 1994. JSTOR, http://www.jstor.org/stable/761004 last visit 16 Dec. 2024.
4. Pasar Abdulkareem Fendi, Salawati Mat Basira, Iraqi Kurds, Persecution and struggle for Independence, *Journal of Critical Reviews*, Vol 7, Issue 17, 2020, Pp 662-674.
5. Thomas D. Musgrave, Self-Determination and National Minorities, Oxford University Press, Oxford, 2000, *Leiden Journal of International Law*, Volume 14 Issue 4.

**Official Reports:**

1. United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO), International Experts Meeting on further of the study of the concept of the right of peoples–report and recommendations.